# مەفتەن

سیروان عەبدول

پاش ئەو هەموو ساڵە دووورودرێژەی غوربەت، گەیشتەوە مەفتەن.

* * *          * * *          * * *

- "چەن جوان بوو کە ئاوا هەر کە گەیشتەوە مەفتەنەکەی خۆی بەتاسەوە پەلاماری خاکوخۆڵەکەی دا ڕایمووسێت!"، خەڵکەکە دەیانووت.

شێتگیرانە کردی؛ دیاربوو غوربەت زۆر جەزرەبەی دابوو. هەر لەڕێگاش بڕیاریدابوو هەر کە پێی خستەوە سەر یەکەم بستەخاکی، کارێک بکات پیشانی بدات چەند شیرینە مەفتەن.

لەخۆشیاندا هاواری دەکرد. تا توانی جانتاکەی بۆ دوور تورهەڵدا. هەزاران جار بەدەنگی بەرز خۆی بەقوربانی خاکی باووباپیران کرد بەرلەوەی بنووشتێتەوە تا بەتاسەوە خاکوخۆڵەکە ڕامووسێت.

- "حەق نەبوو ئاوا پەلەی بکردایە و یەکسەر لەو خۆڵە نەرمەدا دەمووچاوی خۆی نوقمکات!"، هەندێک خەڵکی تر دەیانووت. "ئەیتوانی چاوەڕێکات تا لەو خۆڵەپەتانییە تێئەپەڕی!"

چیبکات تاسەی بوو. لەحەسرەتدا هاواری دەکرد. کەوتبووە سەرچۆک و پڕبەدەنگ ناوی مەفتەنی وێرد دەکرد. بەدەم هاوارەوە دەمی برد بۆ ڕاموسینی خاکوخۆڵەکە. هەناسەی خۆڵەکەی ورووژان و هەندێک پرژایە قورگییەوە. ئەمە کۆخەیەکی توندی پێگرت و تا دەهاتیش زیادی دەکرد.

- "وای ماڵم کاولە، کوڕەکەم خنکا!"، دایکی هاواری دەکرد و لەسەریەکەش بە چمکی کەواکەی چڵم و لیکی کوڕەی تاینی دەسڕییەوە کە لەبەر کۆخەی زۆر و هەناسەسواریی لەسەر گازەرای پشت لێی کەوتبو و نیوەگیان ببوو.

* * *   * * *   * * *

- "دەڵێن نەخۆشییەکەی لێی پیس کردووە و بەتەمایە بچێت لەدەرەوە چارەسەر بکات!"، دەنگۆیەک لەناو خەڵکەکەدا بڵاوبووەوە.

هەر واش بوو. نەخۆشییەکەی سینگ و قوڕگی کە لەئاکامی هەڵمژینی ئەو خۆڵە زۆرەوە تووشیبوو تا دەهات تەشەنەی دەکرد و پەکی دەخست.

دەمەوئێوارەیەک لەسنوور پەڕییەوە و بۆ چارەسەر لەووڵاتێکی تر ملی ڕێگەی گرتە بەر. ئەگەرچی بێ ووزە و لاواز ببوو، لەگەڵ ئەوەشا جانتا تایەدارەکەی بەدەستکەکەی بەرزکردبووەوە و لەئەرز بڕیبوی نەبا ئەو خۆڵەپەتانێیەی ئەو دەوروبەرە پیسی بکات.

* * *   * * *   * * *

- "لەوێش خۆت لەخۆڵ و مۆڵ بپارێزە، نەبا زیاتر لێت پیس بکات!"، خەڵکەکە هۆشدارییان دایێ.

- "هاتیشیتەوە خاکەکەی مەفتەن ڕامووسە، بەس لای ئەو خۆڵەپەتانییەوە نا!"، خەڵکێکی تر بەبزەیەکەوە پێیانووت.

* * *   * * *   * * *

نەهاتەوە.

* * *   * * *   * * *

پاش ئەو هەموو ساڵە دوورودرێژەی تەمەن، لەنەخۆشخانەیەکی وڵاتێکی دوورەمەفتەن بۆ یەکجاریی سەری نایەوە.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

sirwanebdul@yahoo.com
نەرویج
04.2006